

## من ئەمەم

# سارتەر لە پیریدا

بەشی یەکەم

- لە ٢١ حوزەیرانی ١٩٧٥ سارتەر تەمەنی بووە حەفتا ساڵ.
- هەرچەندە حەزی بە چاوپێکەوتن نەبوو، بەڵام ئێمەی قبوڵ کرد بەم بۆنەیەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەین، ئەمەش وەرگێڕانی گفتوگۆکەیە.


چاوپێکەوتن: ناڤیل

وەرگێڕانی: کاروان حەسەن

_ بۆ ساڵێك دەچێت دەنگۆیەكی زۆر ناخۆش سەبارەت بە دۆخی جەستەی ئێوە دەبیسترێ، ئێستا كە تەمەنتان بووە حەفتا لەبارەی تەندروستی خۆتانەوە بۆمان بدوێی؟

+ سەختە بڵێم حاڵم باشە، بەڵام ناشتوانم بڵێم خراپە. دوو ساڵێكە دوچاری گەلێك نەخۆشی بووم، بە تایبەتی كاتێك لە كیلۆمەترێك زیاتر بەپێ برۆم پێیەكانم ژان دەكەن، بەزۆری كاتێك بەم ئەندازەیە برۆم ڕێڕۆشتن واز لێ دەهێنم، لەلایەكی دیكەوە دووچاری گوشارێكی خوێن بەهێز بووم، كە لەم دوایانەوە لەناكاو پەڕاندم: ماوەیەك بەزۆری گوشاری خوێنم گەلێك بەرز بوو، بەڵام بەهۆی بەكارهێنانی چارەسەرەوە ئێستا گوشارەكەم دابەزییوە.

لە هەمووی گرنگتر، پشتەوەی چاوی چەپم دووچاری خوێنڕێژی بوو، ئەمە تاكە چاوی تەندروستم بوو، چونكە چاوی ڕاستم لە تەمەنی سێ ساڵیمدا بەتەواوی بینای لەدەستدا. هێشتا بە شێوەیەكی ناڕوون شێوەی شتەكان دەبینم، ڕووناكی و ڕەنگەكان جیادەكەمەوە، بەڵام خودی شتەكان نابینم و ڕواڵەتی شتەكانیش بە شێوەیەكی دیاریكراو لە یەكتر جیاناكەمەوە، لەئەنجامدا نە دەتوانم بخوێنمەوە نە دەتوانم بنوسم. وردتر بڵێم دەتوانم بنوسم، واتە وشەكان بە دەست لەسەر كاغەز وێنا دەكەم، ئێستا ئەم كارە تارادەیەك بە ئاسانی ئەنجام دەدەم، بەڵام ئەوەی كە نوسیوومە ناتوانم بیخوێنمەوە.

خوێندنەوە بە ڕەهای بۆ من مەحاڵە، واتە دێڕەكان و مەودای نێوان وشەكان دەبینم، بەڵام خودی وشەكانم بۆ دیاری ناكرێن، لەبەرئەوەی كە لە خوێندنەوە و نوسین بێ بەش بووم، ئیدی هیچ ئیمكانێكم بۆ نەماوەتەوە كە وەك نوسەرێك كاربكەم: چالاكی نوسینم بەتەواوی كۆتایی پێهاتووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا دەتوانم قسە بكەم. لەم ڕووەوە كاری داهاتووم ئەگەر بەرێوەبەرایەتی تەلەفزیۆن بوجەكەی لە ئەستۆ بگرێت، چەند بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنیی دەبێت، كە لە نێو بەرنامەكاندا دەمەوێت لە حەفتاو و پێنج ساڵی ژیانی ئەم سەدەیەمان بدوێم. ئەم بەرنامەیە بە هاوكاری سیمۆن دیبۆڤار، پییەر ڤیكتۆر، فلیپ گاڤی بەرێوەدەبرێ.

ئەم سێ كەسەش ئەڵبەتە بیركردنەوەی خۆیان دەخەنەڕوو، سەرباری ئەمەش ڕێكوپێك كردنی بەرنامەكەش كە من ناتوانم ئەنجامی بدەم، لە ئەستۆی ئەواندایە: واتە من لەگەڵ ئەواندا دەپەیڤم و ئەوان بەنموونە یاداشتی دەكەن، یان ئەوەیە هەمووومان پێكەوە دەپەیڤین و ئەوان دواتر بەو شێوازەی كە پێی ڕازین بەوجۆرە ڕێكوپێكی دەكەن. هەندێ جار منیش شتێك دەنوسم، واتە ناوەڕۆكی ئەو بابەتەی، كە پێویستە بەرنامەكە لەسەر بنەمای ئەو ناوەڕۆكە ڕێك بخرێت یاداشتی دەكەم، بەڵام تەنیا ئەوان

دەتوانن نوسینی من بخوێنەوە و بۆم گۆبکەن.

ئەمەیە دۆخی ئێستای من، جگەلەمانە حاڵم زۆر باشە. زۆر بەباشی دەخەوم، ئەو کارەی لەگەڵ هاورێکانمدا دەیکەم، کارێکی بەرهەمدارە. توانای بەرهەم هێنانی من ڕەنگە لەماوەی ئەم دە ساڵەدا زیادی نەکردبێ، بەڵام کەمیش نەبووەتەوە. هەستیاریم نەگۆڕاوە، یادگەم بەزۆری بە باشی کاردەکات، جگەلە ناو کە زۆربەی کات بە زەحمەت وەبیرم دێنەوە، هەندێ جاریش ئەسڵەن وەبیرم نایەنەوە. ئەو شوێنە دیاریکراوەی کە بۆ کەرەستەکانی پێداویستیم دانراوە دەزانم و بەکاریان دەبەم، لە گەڕەکدا بە تەنیا ڕێ دەکەم و دووچاری کێشەیەکی وەها نەبووم.

**_ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دابڕان لە نوسین هێدمەیەکی قورسە، بەڵام ئێوە لەم بارەیەوە بە ئارامی دەدوێن؟**

+ ئەم ڕووداوە لە ڕوویێکەوە هۆی بوونی منی بە تەواوی لەناوبردووە: دەکرێ بڵێم من بووم و ئیدی نیم. لە ڕاستیدا گەلێك تێکشکاو، بەڵام بە هۆکارێك کە بۆ من نادیارە بە تەواوی خۆشحاڵم: من کاتێك سەبارەت بەو شتەی کە لە دەستم داوە بیردەکەمەوە، هەرگیز دووچاری غەم یان نائومێدی نەبووم و ناشبم.

**_ ئەی هەرگیز هەڵناچن؟**

+ هەڵچوون لە بەرانبەر چی و لە بەرانبەر کێ؟ مەبەستم لەو دۆخە فەلسەفییەی ڕواقییەکان (بەرگەگرتنی ناخۆشی بە بوێرییەوە) نییە، هەرچەندە بەو جۆرەی کە دەزانن من هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە تەماشای لایەنگرانی ئەم فەلسەفەیەم کردووە. نەخێر، مەبەستم ئەوەیە سادەتر بڵێم، بارودۆخی من هەر بەو جۆرەیە کە گوتم، ناشتوانم بیگۆڕم، بەم شێوەیە هۆکارێك بۆ خەم خواردن لە گۆڕێ نییە، بەر لە دوو ساڵ کاتێك نەخۆشییەکەم بەهێزتر دەبوو، ساتگەلێکی پڕ ئازارم بەسەر برد. دووچاری کۆمەڵێ ورێنەش بووم. بیرمە کاتێك لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤار بۆ ئاوینیۆن چووین، لەوێ بەدوای کیژێکدا دەگەڕام کە لەسەر نیمکتێك بەڵێنی ژوانی بە من دابوو. ئەڵبەتە نە



كیژێك لە گۆڕێ بوو و نە ژوانی یەكدی بینین......

ئێستا تەنیا كارێك كە دەتوانم بیكەم ئەوەیە لەگەڵ ئەو دۆخەی كە هەمە هەڵبكەم.. دۆخ و تواناكانی خۆم هەڵسەنگێنم و چەندێ دەكرێت وەگەریان بخەم بێگومان لەدەستدانی بینایم لە هەموو شتێك زیاتر ئازارم دەدات، بەڵام پزیشكەكان دەڵێن چارەسەری نییە. ئەمە دۆخێكی ئازاردەرە، چونكە زۆرجار خواستی نوسین لە ناو مندا زیندوو دەبێتەوە، هەمیشە نا، بەڵام پەیوەستە بە پێشهاتەكانەوە.

**-ئەو هەستەتان لا دروست دەبێت كە لە ئێستادا هیچ كارێك ناكەیت؟**

+ بەڵێ. كەمێك پیاسە دەكەم. ڕۆژنامەم بۆ دەخوێـنـنەوە گوێ لە ڕادیـۆ دەگـرم، هەندێ جاریش لە تەلەفزیۆندا شتگەلێ دەبینم. لە ڕاستیدا ئەمانە كارێكن لە بێكاری ڕەها ڕزگارم دەكەن. تاكە ئامانجی ژیانی من نوسین بوو. سەبارەت بەوەی كە پێشتر بیرم لێ كردبووەوە شتێكم دەنوسی، بەڵام ساتی سەرەكی ژیانی من ساتی نوسین بوو. هێشتاش بیردەكەمەوە، بەڵام ئیدی نوسین بۆ من مەحاڵە. چالاكی ڕاستەقینەی بیركردنەوە لە ڕوویێكەوە لەناو مندا لەناوچووە.

ئەوەی لە دوای ئەمە بۆ من مەحاڵە، ئەوەیە كە زۆرێك لە گەنجانی ئەمڕۆ بێ ڕێـزی دەنوێنن: لە شێوازی نوسین یان شێوازی ئەدەبی و خستنەڕووی فلان هزر یـان فـلان واقیعدا. ئـەم دۆخـە پێویستی بەوەیە كە نوسین پاكنوس بكرێت، پاكنوسێك كە هەندێ جار پێنج شەش جار بەسەر نوسیندا بچیتەوە. ئیدی ناتوانم تەنانەت یەك جاریش بە نوسینێكمدا بچمەوە، چونكە ناتوانم ئەوەی كە نوسیوومە بخوێنمەوە. بەم جۆرە ئەوەی كە دەینوسم لەگەڵ ئەوەی كە دەیلێم، بە دڵنیاییەوە بە هەمان شێوەی یەكەمی دەمێنێتەوە. ئەڵبەتە كەسێكی دیكە دەتوانێت ئـەوەی من وتوومە یان نوسیومە بۆمی بڵێتەوە، منیش دەتوانم چەند چاكارییەكی لاوكی تێدابكەم، بەڵام ئەم كارە لەگەڵ كـاری نوسینەوەیی سەرلەنوێ بە قەڵەمی خۆم بەتەواوی جیاوازە.

**-ناتوانن بە سودوەرگرتن لەتۆماری دەنگی ئەوەی كە پێشتر وتوتانە چاككاری تێدا بكەن و ئەم چاككردنە دوبارە تۆمار بكەنەوە؟**

+ بـە بـڕوای مـن لەنێوان نوسین و وتندا جیاوازییەكی گـەورە هەیە. ئەوەی كە نوسراوە دەكرێ بخوێنرێتەوە، بەڵام ئەم خوێندنەوەیە یان بەشێوەی كاوەخۆیە، یان بەخێرایی، بە دەربڕینێكی دیكە ئێوە ناتوانن ئەو ماوەیەی كە بۆ نوسینی ڕستەیەك بەكاری دەهێنن پێشتر دیاری بكەین، چونكە ئەوەی لە ڕستەكەدا نەشیاوە زۆر ڕێتێدەچێ پێشتر بە خەیاڵی ئێوەدا نەیەت، ئەم نەشیاوییە لەوانەیە لە خودی ڕستەكەدا بێت، یاخود لەوانەیە پەیوەست بێت بە ڕستەی پێشترەوە یان بە ڕستەی دواتـرەوە، یان بە كۆمەڵێك دەستەواژەوە، یان بە كۆمەڵێك بەش و تا دوایی...

هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی كە نوسینەكەتان تاڕادەیەك بەشێوەی شتێكی مەتەڵئاسا تەماشا بكەن، بـەردەوام لێرەو لەوێ چاكی بكەن. دیسانەوە بەسەر ئەم چاككارییەدا بێیتەوە هەندێكی دیكە چاكی بكەیتەوە، پاشان شتێك لەو دوورەوە بگۆڕیت و تا دوایی. كاتێك من گوێ لەتۆماری دەنگی

**من كاتێك سەبارەت بەو شتەی كە لە دەستم داوە بیردەكەمەوە، هەرگیز دووچاری غەم یان نائومێدی نەبووم و ناشبم**

دەگرم، ماوەی گوێگرتنەکەم پەیوەستە بەخێرای سوڕانی شریتەکەوە، نەك بە خواستی خۆمەوە. بەم شێوەیە من هەمیشە لەملاو لەولای ئەو کاتەی کە تۆمارە دەنگییەکە بەمنی دەدات دادەمێنم.

**_ تاقیتان کردوەتەوە؟**

+ تاقیدەکەمەوە، بەبێ باوەڕبوون بە پێشینەی ئاگایم لەمبارەیەوە تاقی دەکەمەوە، بەڵام دڵنیام ڕازیم ناکات. بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووم و بارودۆخێك کە تاکو ئێستا هەمبووە و بنەمای چالاکییەکانم تاکو ئەمڕۆ، پێویستە بڵێم کە من زیاتر لە هەرشتێك بە نوسین ڕاهاتووم، بۆ گۆڕان گەلێك درەنگە. بە نموونە ئەگەر لە تەمەنی چل ساڵیمدا بینایم لەدەست بدایە، لەوانەبوو جیاواز بێت. یاخود لەوانەبوو بەشێوەیەکی دیکەی دەربڕین، بەنموونە سودم لە تۆماری دەنگی وەردەگرت. دەزانم هەندێك لە نوسەران ئەم کارە دەکەن، بەڵام گومانم لەوە هەیە ئەم کارە بۆ من جێگەی نووسین بگرێتەوە.

چالاکی زەینی لە مندا هەر ئەوە بووە کەگوتم، واتە جۆرێك لە چاودێری بەسەر بیرکردنەوە. لەدوای ئەمەوە لە بواری هزراندندا ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە دەتوانم چاکسازی تێدا بکەم، بەڵام ئەم کارە بە تەواوی لایەنی زەینی هەیە، دیسانەوە دەیڵێمەوە کە نوسین لە بواری شێوازی ئەدەبیدا بەپێی هەڵسەنگاندنی من لەگەڵ نوسیندا جیاوازی هەیە.

ئەمڕۆ زۆرێك لە گەنجان بەهیچ جۆرێك لە خەمی شێوازی ئەدەبیدا نیین، وادەزانن ئەوەی کە دەیانەوێت بیڵێن، پێویستە تەنیا دەربڕن، هەر ئەمە دەکەن و بەس، بەڵام بە بڕوای من شێواز نەك تەنیا لەگەڵ سادە نوسیندا جیاوازی نییە، بەڵکو پێویستی بە سادەییشە بەر لەهەر شتێك ئەو شێوە نوسینەیە کە سێ یان چوار مەبەست لە ڕستەیەکدا بوترێ. سەرەتا ڕەستەیەکی سادە، بەو واتاییەی کە دەستبەجێ بە زەین بگات، پاشان بە بەراورد بەو ڕستەیە، واتایەکی دیکە کە لە پشت ڕستەکەوە شاراوەیەو بەرەو قوڵایت دەبات، ئەگەر کەسێك نەتوانێت ئەم فرە واتاییە بە نوسین ببەخشێت باشتر وایە نەنوسێت.

ئەوەی زمانی ئەدەب بۆ نموونە لە زمانی زانستی جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە لە ئەدەبدا وشە هەمیشە بە یەك واتا نایەت، لە دونیای نوسیندا هونەرمەند کەسێکە وشەکان بەشێوەی لاتەنیشتی ڕیز بکات، کە بە گوێرەی ئەو ڕووناکییەی کە لە وشەکاندا دەدرەوشێتەوەو بەگوێرەی کێشێك کە بەوانی دەبەخشێت، ئەو وشانە واتایەك بگەیێن ئەوجا واتایەکی دیکەو دیسانەوە واتەیەکی دیکە، بە جۆرێك هەر جارەو لە ئاستێکی جیاوازدا.

**- دەسنوسە فەلسەفییەکانی ئێوە تارادەیەك هیچ پاکنوسێکیان بۆ نەکراوە، لە کاتێکدا دەسنوسە ئەدەبییەکانتان بە پێچەوانەوە زۆر دەستکاریان دەکەن و پاکنوسیان دەکەن، ئەم جیاوازییە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟**

+ ئەم جیاوازییە بەهۆی بابەتەوەیە: لە فەلسەفەدا هەر ڕستەیەك پێویستە تەنیا یەك واتای هەبێت، بە نموونە کارێك کە من لە کتێبی (وشەکان)دا کردوومەو هەوڵمداوە هەر ڕستەیەك فرە واتا و هەر واتایەك لەسەرو ئەوی دیکەوە دەرکەوێت، ئەمە لەفەلسەفەدا کارێکی نادروستە. گریمان من دەمەوێت لە فەلسەفەدا (بوون بۆ خۆی) و (بوون لەناوخۆی) ڕوون بکەمەوە، لەوانەیە ئەم بابەتە کێشە بێت. من دەتوانم بۆ گەیشتن بە ئامانج بە بەراوردگەلی جۆربەجۆرو بەڵگەی جۆربەجۆر بپەڕژێم، بەڵام پێویستە لەو هزرانەی کە دەتوانن لە خۆیاندا واتا بدنە بەدەستەوە ڕاوەستم: ئەڵبەتە مانایەکی تەواوەتی لەم ئاستەدا ناتوانرێت بدۆزرێتەوە مانای تەواوەتی لە ئاستی گشتی و تەواوی کتێبەکەدا پێویستە فرەواتا بێت- نامەوێت بانگەشەی ئەوە بکەم کە لە فەلسەفەدا وەك زمانی زانست وشە هەمیشە بە یەك مانا دێت.

لە ئەدەبدا ئێمە هەمیشە بە جۆرێك لە جۆرەکان سەروکاریمان لەگەڵ ئەزمونە کەسییەکاندا هەیە، دەربڕینی بە تەواوی ڕوون شیاوی خستنەڕوو نییە، شێوازی دەربڕینی واقیعێك لەوانەیە بە کردەیی بە

ناکۆتا بگات. هەموو کتێبەکەش شێوازێك کەهەر رستەیەك دەیخوازێت بەو جۆرە دەردەکەوێت، تەنانەت ئەو ریتمەشی کە ئەم شێوازە دەیخوازێ. چ کتێبەکە بە دەنگی بەرز بخوێنینەوە یان بەشێوەی لەسەرخۆ.

رستەیەکی بە تـەواوی فۆرمالیستی، وەك ئەو رستانەی کە بە زۆری لە(ستاندال) دا دەیبینین، بەپێی پێویست زۆرێك لە شتەکانی لە دەست دەدات، بەڵام لەخۆگری شتەکانی تـرەوە کۆمەڵێك لـەو مانایانەی کە نووسەر هەمیشە پێویستە لەزەیندا بێت لەخۆ دەگرێت. لە ئەنجامدا کاری شێواز، کەمتر دەرخەری رستەکانە و زیاتر کارێکە هەمیشەی لاپـەڕەکـان و بـەش و کۆی کتێبەکەیە لە بیردا لەبەرچاو دەگرێت، ئەگەر ئێوە ئەم کۆمەڵە شتەتان لە زەیندا بێت، رستەگەلی جوان دەنوسن، ئەگینا یان رستەکانت دەتەقنەوە یاخود بێمانان.

کارێکی لـەم چەشنە بە پێوەدانگی نوسەران، کارێکە زۆر و کەم درێژخایەن و پڕ زەحمەتە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە لە نوسیندا، بۆ نموونە چوار مەبەست لە ناو یەك رستەدا دژوارتـرە لە نوسینی یەك مەبەست لە ناو یەك رستەدا.

یەکەمیان لە ئەدەبدا و دووەمیان لە فەلسەفەدا گونجاوە. رستەیەکی وەك (بیر دەکەمەوە کەوایە هەم) لەوانەیە لە بوارە جیاوازەکاندا بێ کۆتا ئەنجامی هەبێت، بەڵام لە رووی رستەوە هەر ئەو مانایەی هەیە کە دیکارت بەوی بەخشیوە. لە کاتێکدا وەختێ ستاندال لە رۆمانی(سور و رەش) دا دەنوسێت: ( ژولین تا ئەو کاتەی کە دەیتوانی بورجی کلێسا ببینێت، چەندین جار سەیری پشتەوەی خۆی کرد) بەنوسینی ئەم رستەیە، نوسەر نەك تەنیا کارێك کە پاڵەوانی رۆمانەکە کردویەتی بە سادەیی دەربڕیووە، بەڵکو ئەوەی کە ژولین هەستی پێدەکات، بۆ ئێمەی گواستوەتەوە، هەروەها هەستی مەعشوقەکەی و تا دوایی...

بەم پێیە بێگومان دۆزینەوەی رستەیەك کە بەهای چەند رستەیەکی هەبێت سەختر لە دۆزینەوەی رستەیەکی وەك (بیردەکەمەوە کەوایە هـەم). بەبڕوای من دیکارت ئەم رستەیە لە هەمان ساتی یەکەمەوە تەنانەت لەو کاتەدا کە ئەندێشەی ئەم رستەیەی بە بیردا هاتووە دۆزیوەتەوە.

**_ ئایا بێتوانایتان لە خوێندنەوەدا بە کیمایەسییەکەی گەورەی دەزانن؟**

+ لـە ئێستا پێویستە بڵێم نەخێر. هەرچەندە بۆ خۆم ناتوانم سود لە هیچ کتێبێك ببینم کە بڵاودەبێتەوە و سەرنجم رادەکێشێت، بـەڵام کەسانێك هـەن کە سـەبـارەت بـەم جـۆرە کتێبانە قسەم بۆ دەکەن یاخود بۆم دەخوێننەوە، هەست دەکەم لە رەوتی ئەو کتێبانەی کە رۆژانە دەردەچـن ئاگادارم. سیمۆن دیبۆڤار زۆر کتێبم بۆ دەخوێنێتەوە. کتێبەگەلی زۆرمان لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی پێکەوە تەواو کردووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا راهاتووم ئـەو کتێب و گۆڤارانەی کە پێمدەگەن بەسەریاندا تێپەرم. بێتوانایم لە خوێندنەوەدا بـیـرچـووتـەوە، بـەڵام بـۆ کـاری ئێستای تەلەفزیۆن، کە بەرنامەیەکە سەبارەت بە مـێـژووی هـاوچـەرخ، ئەگەر بمەوێت بـگـەڕێـمـەوە سـەر کتێبێکی بەنموونە کۆمەڵناسی یاخود مێژوویی بۆم جیاواز نییە، کە سیمۆن دوبوڤار بۆم بخوێنێتەوە یان خۆم بیخوێنمەوە، بەڵام ئەگەر مەبەستەکە تەنیا

**لەم رۆژەشدا شێوازی ئێستای هزرین و دۆزینەوەی ئەندێشە پێویستی بە تەنیاییە هەموو کتێبەکانم جگەلە دووانیان بە تەنیایی نوسیوومن** **هەموو کتێبەکانم جگەلە دووانیان بە تەنیایی نوسیوومن**



سیمۆن دیبۆڤوار

بەدەست هێنانی زانیاری نەبێت و مەوێت ڕەخنە لە کتێبێك بگرم، یان مەوێت بزانم مەبەستەکانی ڕێکوپێکە یان نا، یاخود مەوێت بزانم کتێبەکە لەسەر بنەمایەکی تایبەت بونیاد نراوە یان بە پێچەوانەوەیە، ئەوکات بابەتە جیاوازە، لەم جۆرە بابەتانەو هاوشێوەکانیاندا پێویستە داوا لە سیمۆن دیبۆڤار بکەم، تاکو بابەتەکەم چەند جارێك بۆ بخوێنێتەوە، ئەگەر لە هەموو ڕستەیەکدا ڕانەوەستێت بەلانی کەمەوە لە هەر پەرەگرافێکدا ماوەیەکی کەم ڕادەوەستێت.

سیمۆن دیبۆڤار لەڕادەبەدەر بە خێرایی دەخوێنێتەوە و دەدوێ، من هەوڵدەدەم خۆم لەگەڵ خێرایی خوێندنەوەیدا بگونجێنم، بێگومان ئەم کارە پێویستی بە هەوڵدانە. کاتێك بەشێکی کتێبەکە تەواو دەبێ وتوێژی لەبارەوە دەکەین. مەسەلە ئەوەیە هۆکاری ڕەخنەی بەرپەرچدانەوە، کە هەمیشە کاتێك کەسێك خۆی کتێبێك دەخوێنێتەوە لە زەیندا دەردەکەوێت، کاتێك بە دەنگێکی بەرز کتێبێك دەخوێنرێتەوە هەرگیز ئەم هۆکارە ڕەخنەیە ئەوەندە ڕوون نییە، مەسەلەی گرنگ تەنیا هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی بابەتەکە. هۆکاری ڕەخنەیی لە پشتەوە دەمێنێتەوە، تەنیا کاتێك من و سیمۆن دیبۆڤار لە بارەی بابەتەکەوە گفتۆگۆ دەکەین، هەست دەکەم ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەدا شاردرابوویەوە بە زەینمدا دێت.

**_ ئەمە بۆ ئێوە ئازاردەر نییە، کە بەم جۆرە وابەستەن بەوانی دیکەوە؟**

+ بۆ نا، هەرچەندە وشەی(ئازاردەر) لەم بارەیەوە زیادەڕۆیانە، چونکە دوبارەی دەکەمەوە، هیچ شتێك لەم قۆناغەی تەمەنمدا بۆ من ئازاردەر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وابەستەیە تاڕادەیەك بۆم ناخۆشە. ڕاهاتبووم لە تەنیاییدا بنوسم لە تەنیاییدا بخوێنمەوە، هێشتاش لەو باوەڕەدام کە کاری ڕاستەقینە هزرین پێویستی بە تەنیاییە. نامەوێت بڵێم هەندێك لە کارە هزرییەکان، تەنانەت نوسینی کتێبیش ناتوانرێت بە کۆمەڵەکی ئەنجام بدرێت، بەڵام کاری ڕاستەقینە، کارێك کە ئەنجامەکەی هەم بەرهەمێکی نوسراوە و هەم بیرکردنەوەی فەلسەفی بێت، بێگومانم ناتوانرێت بە دوو یان سێ کەس ئەنجامی بدرێت.

لەم ڕۆژەشدا شێوازی ئێستای هزرین و دۆزینەوەی ئەندێشە پێویستی بە تەنیاییە.

**_ لاتان وانییە كە ئەم كارە تایبەت بێت بە كەسایەتی ئێوەوە؟**

+ جاری وا هەبووە لەكاری كۆمەڵەكیشدا بەشداریم كردووە، بە نموونە كاتێك لە خوێندنی باڵای پاریس بووم، یان دواتر كاتێك لە بەندەری (لوهاور) وانە دەوتەوە، سەبارەت بە پێشنیاری ڕیفۆرمی پرۆگرامی زانكۆ، لەگەڵ زۆربەی مامۆستاكاندا هاوكاریم دەكرد. ئەوەی كە وتمان لە بیركراوەو دیارە شتێكی گرنگیش نەبووە، بەڵام هەموو كتێبەكانم جگەلە دووانیان بە تەنیایی نوسیوومن.

**_ ئایا لەوەی كە لەبارەی خۆتانەوە پرسیارتان لێ دەكەم نیگەران نابن؟**

+ نا بۆچی نیگەران بم؟ بەبڕوای من هەموو كەسێك پێویستە لە چاوپێكەوتندا وردترین شت لەبارەی خۆیەوە بڵێت. ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان كەسەكان بشێوێت، ئەوەیە هەر كەسێك لە بەرانبەر ئەویترەوە شتەكانی دەشارێتەوە، یان وەك نهێنییەك دەیان هێڵێتەوە. ئەم كارە ئەگەر بە گوێرەی پێویست لەبەرانبەر هەموو كەسێكەوە نەیكەن، لە بەرانبەر ئەو كەسەی كە لەگەڵی دەدوێن دەیكەین.

من لاموایە پێویستە ڕوونییەتی(شەفافییەت) هەموو كاتێك شوێنی نهێنی بگرێتەوە. من دەزانم ڕۆژێك دادێت دوو كەس هیچ جۆرە نهێنییەكیان لەبەرانبەر یەكدییەوە نابێت، لەبەرئەوەی لە بەرانبەر هیچ كەسێكی دیكەشەوە نایان بێت، لەبەر ئەوەی ژیانی ناوەكی وەك ژیانی دەرەكی بە تەواوی بە ڕوونی دەخرێتەڕوو. ئاستەمە قبوڵی ئەوە بكەین جەستەمان بەو جۆرەی كە هەیە نیشانی بدەین، بەڵام هزرەكانمان بشارینەوە. بە سەرنجدان لەمە بە بڕوای من جیاوازی جەوهەری لەنێوان جەستە و ڕۆحدا نامێنێت.

**_ ئایا تەنانەت لەبەرانبەر ئەو كەسەی كە بەڕاستی جەستەمانی بۆ دەخەینەڕوو، هەموو هزرەكانیشمان بۆی ناخەینەڕوو؟**

+ ئێمە جەستەمان دەدەینە دەست هەموو كەس، تەنانەت لە دەرەوەی هەر جۆرە پەیوەندییەكی سێكسی: لەڕێگەی ڕوانین و دەست لێدانەوە. ئێوە جەستەتان دەدەنە دەستی من، من دەستم بەئێوە دەسپێرم، بوونی هەر یەك لە ئێمە بۆ ئەوی دیكە لەڕێگەی جەستەوەیە، بەڵام لەڕوانگەی ڕۆحی و هزرییەوە بەم جۆرە نییە، هەرچەندە ئەندێشەكانیش جۆرێكن لە جەستە.

ئەگەر ئێمە مانەوێت بەڕاستی بۆ كەسێكی دیكە بوونمان هەبێت، هەر بەو جۆرەی كە جەستەمان بوونی هەیە، هەر بەو جۆرەی كە دەشێ جەستەمان هەمیشە ڕووت بێت- هەرچەندە هەرگیز خەڵكی بەو جۆرەناكەن پێویستە ئەندێشەكانیشمان بەوجۆرە دەركەون، كە وەك بڵێی لە جەستەمانەوە دێن.

وشە لە زارا لەلایەن زمانەوە دروست دەبێت. هەموو ئەندێشەكانیش پێویستە بەم چەشنە بن، تەنانەت گرنگترینیان و هەڵهاتوترینیان و كۆت و وبەندترینیان، بەدەستەواژەیەكی دیكە لە دوای ئەمەوە نابێت ئەو شاردنەوەو نهێنییانە هەبن، كەلە هەندێك لە سەردەمانی پێشودا بە شانازی ژن و پیاو دەدانرا، بەبڕوای من ئەمە تەنیا گەلحۆییە.

**_ لەڕوانگەی ئێوەوە كۆسپی سەرەكی**

**من لاموایە پێویستە ڕوونییەتی (شەفافییەت) هەموو كاتێك شوێنی نهێنی بگرێتەوە. من دەزانم ڕۆژێك دادێت دوو كەس هیچ جۆرە نهێنییەكیان لەبەرانبەر یەكدییەوە نابێت**



ستاندال

**ڕوونییەتی چییە؟**

+ بەر لە هەر شتێك بڕوای خراپە. مەبەستم ئەوەیە کە سەرچاوەی کردەوەکان، بنەماکانیان جیاوازن، لەوانەیە من ئەم کارانەم بەلاوە پەسەند نەبن. بوونی بڕوای خراپ پەیوەندی هەموو ئەندێشەکان ئاستەم دەکات، چونکە من نازانم ئەوی دی بە چ پێوەرێك، لەسەر بنەمای پەسەندکراوەکانی من بنەمەکانی خۆی بونیاد دەنێت. هەندێ جار لەوانەیە ئەم بنەمایە ڕوون بکاتەوە، لەبارەیەوە بدوێت و بیسەلمێنێت، بەڵام من ناتوانم لەگەڵ هەموو کەسێك سەبارەت بە هەموو شتێك وتوێژ بکەم. ئەم کارە لەگەڵ ئێوە دەتوانم بکەم، بەڵام لەگەڵ هاوسێکەم و ڕێبوارێکدا ناتوانم بیکەم. چ جا بگات بەوەی ئەو کەسە کێشمەکێش لەگەڵ من دا بە باشتر بزانێت لە وتوێژ.

بەم پێیە، لە ڕاستیدا هەندێ تایبەتمەندیگەل هەن، کە لە بەدگومانی ونەزانی و ترسەوە سەرچاوەی دەگرن، دەبنە هۆی ئەوەی من لە هەر ساتێکدا متمانەم بەوی دیکە نەمێنێت، یاخود کەم متمانەیم لا دروست بکات، لە هەمانکاتدا بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ هەموو کەسێکدا کە ڕووبەڕووی ببمەوە، لەبارەی هەر بابەتێکەوە بێت، تەواوی زانینی خۆم هەڵناڕێژم، بەڵام هەوڵ دەدەم بەو ڕادەیەی کە دەکرێ ڕوون بم، چونکە بەبڕوای من ئەو بەشە ڕەشەی کە لە ناو ئێمەدایە (ڕەش هەم بۆ خۆمان و هەم بۆ ئەوانی دیکە) ناتوانین بە تەواوی بۆ خۆمان ڕوونی بکەینەوە، مەگەر ئەوەی هەوڵبدەین لەبەرانبەر ئەوانی دیکەوە ڕوون بین.

**_ ئایا ئێوە هەر لەسەرەتای نوسینتانەوە بەدوای ئەم ڕوونییەتییەوە نەبوون؟**

+ نەك هەر لە سەرەتاوە، بەڵکو لە هەمانکاتدا پێویستە بڵێم کە لە نوسینەکانمدا دورتر چووم، بەڵام لە گفتۆگۆی ڕۆژانەم لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤار کەسانی دیکە بەنموونە لەگەڵ ئێوە (چونکە ئەمڕۆ پێکەوین) هەوڵدەدەم هەرچی ڕوونترو چەندێ بلوێ ڕاستگۆ بم، بە جۆرێك ناخم بە تەواوی بخەمەڕوو، یان بەلانی کەمەوە لەم پێناوەدا هەوڵدەدەم، لەڕاستیدا من ناخم بۆ ئێوەو هیچ کەسێکی دیکەش ناتوانم بخەمەڕوو، چونکە شتگەلێ هەن تەنانەت بۆ منیش مل بۆ گوتن نادەن، شتگەلێکن دەتوانم بە خۆمیان بڵێم، بەڵام لە وتنیان بۆ کەسانی دیکە ڕێگریم لێ دەکەن. منیش وەك هەر کەسێکی دیکە تاریکی قوڵم هەیە، کە مل بۆ گوتن نادات.

**_ واتە نەست؟**

+ نا بەهیچ جۆرێ لەبارەی ئەو شتانەوە دەدوێم کە دەیانزانم. هەمیشە لەخودئاگاییدا پەراوێزێکی بچوك هەیە، کە ناوترێ و نایەوێت بوترێت، بەڵام دەیەوێت بزانرێت، زانینی کەسی(من). ئێوە باش دەزانن

که ناکرێت هەموو شتێك بوترێت، بەڵام لەو بڕوایەدام دواتر، واتە پاش مردنی من و ڕەنگە لە دوای مردنی ئێوەشەوە، خەڵکی زۆرتر لەبارەی خۆیانەوە بدوێن. ئەمەش گۆرانکارییەکی گـەورە دەبـێـت. دوبـارە وادەزانم کە ئەم گۆڕانە پەیوەستە بە شۆڕشی ڕاستەقینەوە.

بۆ ئەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە وەدی بێت، پێویستە هـەر کەسێك بە تەواوی بۆ هاوسێکەی بێت و هاوسێکەشی بە تـەواوی بۆ ئەو بێت. ئەم دۆخـە لەم سەردەمەدا بەدی نەیات، بەڵام بە بڕوای من کاتێك گۆڕانکاری ئابووری و کولتوری و پەیوەندی لەناو خەڵکی دا بەدی هات، ئەم دۆخەش بەدی دێت. سەرەتا بە لەناوچوونی گرفتە ماددییەکان دەبێت، کە لەڕوانگەی منەوە(هەر بەو جۆرەی لە کتێبی(ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیکی)دا خستوومەتەڕوو) بنچینەی تـەواوی ناکۆکییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی نێوان مرۆڤەکانە.

لەو سەردەمەشدا بێگومان ناکۆکی نوێ سەرهەڵدەدەن، ناکۆکیگەلێ کە لە مێشکی من و هیچ کەسێکی دیکەشدا وێنا ناکرێن، بەڵام ڕێگە لە دروستبوونی کۆمەڵگەیەك ناگرن کە تێیدا هەر کەسێك خۆی بە تەواوی بۆ کەسێکی دیکە دەخاتەڕوو، ئەویش بە هەمان شێوە خۆی بۆ ئەم دەخـاتـەڕوو. کۆمەڵگەیەکی لـەم چەشنە بێگومان کۆمەڵگەیەکی جیهانی دەبێت، چونکە ئەگەر لە سوچێکی ئەو جیهانەشدا نایەکسانی و لەپێشتری هێنێت، ئەو ناکۆکییانەی لەم نایەکسانییانەوە دەکـەونـەوە، دیسانەوە وردە وردە هەموو پەیکەری کۆمەڵگەدا دەگرێتەوە.

**_ ئایا نوسین زادەی نهێنی و دژیەکی نییە؟ ئایا لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەر بنەمای ڕێکەوتن دامـــەزراوە، نوسین هۆکارەکانی بوونی خۆی لە دەست نادات؟**

+ بێگومان نوسین زادەی نهێنییە، بەڵام لە بیرمان نەچێ بەزۆری لە نوسیندا دوو ئامانج هەیە. یەکەمیان ئەوەیە نوسین ئەم نهێنییە بشارێتەوەو درۆ بکات (کە بەم شێوەیە شتێکی سەرنجڕاکێش نابێت). دووەمیشیان ئەوەیە جوانییەك لەم نهێنییەدا بەرجەستە بکات، تەنانەت هەوڵبدات بە نیشاندانی ئـەوەی کە مـرۆڤ لەبەرانبەر ئەوانی دیکەوەیە ئەو نهێنییە وشك بکات. بەم شێوەیە نوسین بە ڕێرەوی ئەو ڕۆشنبیری و ڕوونیەدا دەڕوات کە ئاواتی منە.

**_ ئێوە چوار ساڵ لەمەوبەر بە منتان وت: ((کاتی ئەوە هاتووە، دواجار حەقیقەت بڵێم)) هـەروا گوتان: ((بـەڵام حەقیقەت ناوترێ، لەبەرهەمێکی خەیاڵیدا نەبێت)) بۆچی؟**

+پــرۆژەیــەك کــە ئــەوکــات لەبیرمدا بــوو، ئەوەبوو کە ڕۆمانێك بنوسم تێیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر مەبەستم بوون بیانڵێم، لەشێوازی وەسیەتنامەیەکی سیاسیدا کە باس لە ژیانم بکات بیخەمەڕوو(دواتر لەم پرۆژەیە پەشیمان بوومەوە). فاکتەری خەیاڵ لەم ڕۆمانەدا گەلێك کەم بوو. دەمویست لە ڕۆمانەکەدا کەسایەتییەك دروست بکەم کە خوێنەر بتوانێت بڵێت: ((ئەم کەسەی کە باس دەکرێ، خودی سارترە)).

ئەم وتەیە بەو مانایە نەدەبوو کە خوێنەر کەسایەتی ڕۆمانەکە لەگەڵ نوسەردا بەراورد بکات، بەڵکو باشترین ڕێگەی تێگەیشتنی

**لەوانەیە باشتروایە بڵێم، بەبڕوای من (وشـەکان) هێندەی ڕۆمانی(هێڵنج) و (ڕێگەکانی ئازادی) واقیعی نییە، نەك ئەوەی ئەو ڕووداوانەی لە کتێبی(وشـەکان)دا ڕوونم کردووەتەوە خاڵی بێت لە حەقیقەت، بەڵکو (وشەکان)یش جۆرێکە لە ڕۆمان**

کەسایەتی ڕۆمانەکە ئەوە دەبوو کە ئەو سروشتەی من لە کارەکتەرەکەدا دەم خستەڕوو خوێنەر پەیجۆری بێت. ئەمە بوو پرۆژەی نوسینەکەم، ڕۆمانێکی خەیاڵی کە خەیاڵی نەبوو. لەم سەردەمەدا نوسین بەم واتایە دێت. ئێمە یەکدی کەم دەناسین و هێشتا ناتوانین خۆمان تا دواڕادە بۆ یەکدی بخەینەڕوو، حەقیقەتی نوسین ئەوەیە من بڵێم: (من قەڵەم دەگرم بە دەستەوە، ناوم سارتەرە، ئەمەیە ئەوەی بیری لێدەکەمەوە).

**_ ئایا ناکرێت حەقیقەت، سەربەخۆ لە قسەکەر بخرێتەڕوو؟**

+ سەرنجڕاکێش نییە، ئەم دۆخە بە واتای وەلانانی ئەو کەس و تاکانەیە لە دونیایەکدا کە لە ناویدا دەژین و ڕازیبوونە بە حەقیقەتگەلی بەرهەست. فلانەکەس دەتوانێت بە حەقیقەتگەلی بەرهەست بگات، بێ ئەوەی بە حەقیقەتی خۆی بگات، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت لە هەمانکاتدا لە حەقیقەتی بەرهەست و هەروا لەو زەینەی کە لە پشت ئەم حەقیقەتە بەرهەستەوەیە، بەهەمان ناونیشانی بەرهەست بە بەشێك لە مرۆڤ ئەژماربکرێت، کاتێ لەم بارەیەوە بدوێم دەبێ بنوسم: (من، سارتەرم)، لەبەرئەوەی ئەم کارە لەم سەردەمەدا نالوێت، لەو ڕووەوەی کە ئێمە یەکدی بە ئەندازەی پێویست ناناسین، لادانێك کە دۆخی خەیاڵی بەدی دەهێنێت، ڕێگە دەدات لە کۆمەڵەی (بەرهەست و زەین) باشتر نزیك بینەوە.

**_ دەتانەوێ بڵێن ئێوە بە ئەفراندنی ڕۆکانتن(لە ڕۆمانی هێڵنج) یان ماتیو (لە ڕۆمانی ڕێگەکانی ئازادی) زیاتر لە حەقیقەت نزیکبوونەتەوە، تاکو لە کتێبی(وشەکان) دا ؟**

+ لەوانەیە باشتروایە بڵێم، بەبڕوای من (وشەکان) هێندەی ڕۆمانی(هێڵنج) و (ڕێگەکانی ئازادی) واقیعی نییە، نەك ئەوەی ئەو ڕووداوانەی لە کتێبی(وشەکان) دا ڕوونم کردوەتەوە خاڵی بێت لە حەقیقەت، بەڵکو (وشەکان)یش جۆرێکە لە ڕۆمان، ڕۆمانێك کە باوەڕم بە ڕاستیەتی ڕووداوەکانی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانە.

**_کاتێك ئێوە دەڵێن دواجار کاتی ئەوە هاتووە کە حەقیقەت بڵێم، دەتوانن ئەو خاڵەش لەبەرچاوبگرن کە تاکو ئێستا جگە لە درۆ هیچتان نەگوتووە؟**

+ نا درۆ نا، بەڵام ئەوەی وتراوە نیوە یان چواریەکی حەقیقەت بووە، بە نموونە من بابەتێکم لەبارەی پەیوەندی سێکسی و هەوەسی خۆمەوە نەنوسیووە، لەلایەکیشەوە بە پێویستی نازانم بینوسم، مەگەر لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا کە هەموو خەڵکی دەستەکانی خۆیان بخەنەڕوو.

**_ بەڵام ئایا خودی خۆتان دڵنیان کە هەموو شتێك سەبارەت بە خۆتان دەزانن؟ هەرگیز ویستووتانە دەروونشیکاری بۆ خۆتان بکەن؟**

+ بۆ نا، بەڵام نەك بۆ ڕوونکردنەوەی شتانێك کە خۆم لێیان تێناگەم. کاتێ گەڕامەوە سەر نوسینی (وشەکان)، بۆ ڕوونکردنەوە نوسینی یەکەمی ئەوم لە ساڵی 1954 تەواو کردبوو لە ساڵی 1963 کەوتمە بیری دەستکاری کردنی- دوام لە پۆنتالیسی هاوڕێی دەرونشیکارم کرد، کە دەرونشیکاریم بۆ بکات. ئەم کارەم زیاتر بەهۆی پەیجۆریم لەبارەی شێوازی دەرونشیکاریەوە بوو، تاکو بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە خۆم. هاوڕێکەم گوتی بەهۆی پێشینەی بیست ساڵی هاوڕێیەتیمانەوە ئەم کارە بۆ من ئاستەمە، ئەویش لەسەر حەق بوو، لە هەمانکاتدا لەم بارەیەوە من زۆر جدی نەبووم و ئیدی وازم لێهێنا.

**_ بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانتان دەتوانرێت هەڵهێنجان بۆ زۆرێك لەو شتانە بکرێت کە ئێوەیە لەبارەی بەریەککەوتنە سێکسییەکانەوە هەتانە.**

+ بەڵێ، تەنانەت لەبەرهەمە فەلسەفییەکانیشمدا، بەڵام ئەمە بەشێکی بچوکی ئەم مەسەلەیەو وردەکاریی و باسکردنی پێویستی لەگەڵدا نییە، بەوجۆرەی کە بتوانرێ من بە تەواوی لە نوسینەکەدا بناسرێمەوە. لەوانەیە بڵێیت کەوایە بۆچی لەمبارەیەوە قسە دەکەی؟ وەڵامم ئەوەیە کە بە بڕوای من نوسەر بۆ قسەکردنی تەواوەتی لەبارەی خۆیەوە پێویستە بە تەواوی لە جیهان بدوێ.

ئیشی نوسەر ئەوەیە کە لەمەڕ هەموو شتێکەوە بدوێت، واتە لەبارەی جیهانەوە وەك شتێك، لە هەمانکاتدا لە زەینیش، کە لەبەرانبەر ئەووەوەیەو لەگەڵیدا دژە.

نوسەر پێویستە لە وێناکردنی ئەم گشتە، ئەوەی تا کۆتایی لە پێش چاو بێت، چونکە نوسەر ناچارە لەبارەی خۆیەوە بدوێ.

**_ کەوایە تایبەتمەندی نوسین لە چییدایە؟ وەك بڵێی قسەکردن سەبارە بەم گشتە بەشێوەی زارەکیش دەلوێت، وا نییە؟**

+ بەڵێ لە بنچینەدا دەلوێت، بەڵام بە کردەیی هەرگیز کەسێك بەو ڕادەیەی کە لە نوسیندا دەدوێت لە گفتۆگۆدا نادوێت. خەڵکی ڕانەهاتوون کە لە زمانی گفتوگۆدا بەو جۆرەی کە پێویستە سود وەرگرن. لەم سەردەمەدا ئەگەری قوڵترین گفتوگۆ، گفتۆگۆی ڕۆشنبیرانە. نەك لەبەرئەوەی ئەم توێژە لە حەقیقەتەوە نزیکترن لە نارۆشنبیران، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیران زانیاریگەلێکیان هەیە و شێوازی بیرکردنەوەیان هەیە- بە نموونە دەروونناسانە، یاخود کۆمەڵناسانە- ڕێگە بەوان دەدات کە لە تێگەشتنی خۆیان و ئەوانی دیکەدا بە خاڵگەلێ بگەن، کە نارۆشنبیران بە سروشتی بەمە ناگەن. گفتوگۆ بەزۆری بەو جۆرەی لێدێت کە هەردوو لای وتوێژەکە وابیر دەکانەوە هەموو شتێکیان وتووە، لە کاتێکدا لەڕاستیدا مەسەلە سەرەکییەکان لەوسەری ئەووەوە دەست پێدەکەن کە وتراوە.

**_ کەوایە بەکورتی کاتێ ئێوە دەتان ویست لەو حەقیقەتە بدوێن کە کاتی هاتبوو، مەسەلەکە ئەوە بوو کە هەندێ شت بوترێ کە ئێوە پێشتر لێیان تێنەگەشتبوون؟ یان ئەوەیە لەبارەیانەوە بێدەنگیتان لێکردبوو؟**

+ مەسەلەکە بەتایبەتی ئەوەبوو، خۆم بخەمە دۆخێکەوە، کە هەندێك لەو حەقیقەتانەی کە تا ئەوکاتە نەمدەزانین بۆم بکەونەڕوو، واتە دەمویست بە پەیوەست بوون بە خەیاڵکردنی حەقیقی- یان حەقیقەتێکی خەیاڵی بە کارو بیرکردنەوەکانمدا دووبارە بچمەوەو هەوڵبدەم لەوانەوە کۆمەڵەیەکی تەواو بەدەست بهێنم. بەم شێوەیە دژەیەکییەکان و مەوداکانیان بە باشی تەماشا بکەم و بزانم ئایا ئەو سنورانە لەڕاستیدا بوونیان هەبووە، ئایا منیان ناچار نەکردبوو کە فلانە ئەندێشە وەك دژەکەی ئەوی دیکە تەماشا بکەم، لەکاتێکدا لەڕاستیدا وانەبووە. ئایا فلانە کار کە لە فلانەکاتدا کردوومە باش ڕاڤەیان کردووە...

**_ ڕەنگە بۆ هەڵهاتن بووبێ لە سیستەمی خۆشتان؟**

+ لەڕاستیدا لەوێدا کە سیستەمی من لەوانە بوو کۆی گشتی کۆمەڵەکە لەبەرچاو نەگرێت، دەبوو خۆم لە دەرەوەی ئەو دۆخە دابنێم، لەبەرئەوەی ئەم سیستەمە خودی خۆم وەدیم هێنابوو، ئەگەری زۆر بوو کە دیسانەوە لە ناویدا بکەوم لەئەنجامدا وا پێدەچوو بسەلمێنرێت کە حەقیقەت لەڕوانگەی منەوە، لە دەرەوەی سیستەمی خۆمەوە، بۆ من شیاوی تێگەیشتن نییە، بەڵام هەر ئەم دۆخە لەوانەبوو دەری بخات کە ئەم سیستەمە بە هەمان شێوە لە ئاستی خۆیدا شیاوە و هەرچەندە بە حەقیقەتێکی قوڵیش نەگات.

حەقیقەت هەمیشە شتێکە پێویستە بە

**بە واتایەك بەڵێ. لەو کاتەدا بوو کتێبی (ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیك) م دەنوسی، ئەم کتێبە بە توندی منی بەگیر هێنابوو هەموو کاتی داگیرکردبووم. لەو دەمانەدا ڕۆژانە دە کاتژمێر کارم دەکرد. حەبم دەخوارد لەکۆتای کارەکەوە تەنیا لە ڕۆژێکدا بیست حەبم دەخوارد**

دەژیـم، بـەڵام نەمدەتوانی دەستم بە تـەواوی حەقیقەت بگات. تەنیا دەمتوانی بڵێم دەکرێ بە حەقیقەت بگەین، هەرچەندە لەم سەردەمەدا هیچ کەسێك ئەوەندە لێهاتوو نییە، بە حەقیقەت بگات.

**_ئەگەر ئەمڕۆ بتانتوانیایە بنوسن، ئەمەی کە وتان دەتان نوسی؟**

+ بەڵێ، لە ڕوویەکەوە هەمیشە بیرکردنەوە لەم بابەتە زەینی داگیر کردوم.

**_ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی سیمۆن دیبۆڤار، دەزانین لە دەوروبـەری ساڵی1957 بـەدواوە بە خێرایەکی زۆر کارت کـردوە. سیمۆن دیبۆڤار دەڵێت ئێوە((بەخێرایەکی گورجکبڕ بە پێچەوانەی کات و مردنەوە ڕاتان کردووە))، ئەگەر بەم شێوە بەهێزە هەستتان بە خێرایەکی لەم جۆرە کردبێ، وادێتە پێشچاو لەبەرئەوە بوویێت تەنیا خۆتان بە شایستەی وتنی ئەوە زانیووە کە دەبوو بوترێ. لێکدانەوەکەم ڕاستە؟**

+بە واتایەك بەڵێ. لەو کاتەدا بوو کتێبی (ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیك) م دەنـوسـی، ئـەم کتێبە بە توندی منی بەگیر هێنابوو هەموو کاتی داگیرکردبووم. لەو دەمانەدا ڕۆژانە دە کاتژمێر کـارم دەکـرد. حەبم دەخـوارد لەکۆتای کارەکەوە تەنیا لە ڕۆژێکدا بیست حەبم دەخـوارد. هەستم دەکـرد پێویستە کـاری ئەم کتێبە تەواو بێت. حەبەکان دەبوونە



دیکارت

دوایدا بگەڕێت، چونکە ناکۆتاییە. ئەم وتەیە بەو واتایە نییە کە ناتوانین بە حەقیقەتگەلێ بگەین. لەو باوەڕەدام ئەگەر بمتوانیایە ئەوەی لە زەینمدا بوو، ئەو حەقیقەتە خودیانەی کە لەلام بـوون، لەو ڕۆمانەدا بیانخەمەڕوو. لەوانە بوو بتوانم حەقیقەتگەلێکی زۆر وەدەست بهێنم، حەقیقەتگەلێ نەك تەنیا لەبارەی خۆمەوە، بەڵکو لەبارەی ئەو سەردەمەی کە منی تێدا

هۆی ئەوەی کە بتوانم خێراتر بیربکەمەوە و بنوسم. بەلانی کەمەوە وزەی کارکردنم سێ بەرانبەر دەبوو، پرتاوم دەکرد. لەم سەردەمەدا بوو لەپاش رووداوەکەی هەنگاریا پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەنیستەکاندا پچڕابوو. ئەم پچڕانە هەمەلایەن نەبوو، بەڵام پەیوەندیشم لەگەڵیاندا بەو جۆرە نەمابوو. تاکو پێش ساڵی 1968 وا دەهاتە پێشچاو بزوتنەوەی کۆمەنیستی هەموو باڵەکانی چەپ لەخۆ دەگرێت، بە جۆرێك کە پچڕانی پەیوەندیت لەگەڵ حزبی کۆمەنیست، جۆرە دۆخێکی تاراوگەی دروست دەکرد. کاتێك کەسێك پەیوەندی بەم باڵەوە دەپچڕا، یان دەبوو بەڕاستی بگلێت، هەر بەو جۆرەی کە هەوادارانی سۆسیالیستەکان کردیان، یاخود چاوەڕێی رووداوەکان بکات و تەنیا کارێك کە دەبوو بیکات، ئەوە بوو بیر لە شتێك بکاتەوە، کە کۆمەنیستەکان نایانەوێت بیری لێ بکاتەوە.

نوسینی ((ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیك)) بۆ من لە بێژندانی بیرکردنەوەی خۆم بوو، بەدەر لەو کاریگەریەی کە حزبی کۆمۆنیست بەسەر بیرکردنەوەی منەوە هەیبوو. ئەم کتێبە وێڕای ئەوەی لەبەرانبەر فەلسەفەی کۆمەڵایەتی سەردەمی ئێمەوە بەوەفایە، نوسینێکیشە لەدژی کۆمەنیستەکان. بەبڕوای من کۆمەنیستەکان فەلسەفەی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتییان بەگشتی خواروخێچ و ساختە کردبوو (ئەمڕۆ ئیدی ئەم بیرەم بەگشتی قبوڵ نییە).

**_ دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم بابەتە. ئایا ئەو هەستە پەلەپروزییەی کە لەلای ئێوە دروست بووبوو، لە هەمانکاتدا بەهۆی کاریگەری تەمەنەوە نەبوو؟ ئێوە لە ساڵی 1954دا بۆ یەکەمین جار لە مۆسکۆ نەخۆش کەوتن؟**

+ ئەو نەخۆشییە شتێکی کاریگەر نەبوو. نەخۆشییەك بوو بەهۆی گوشاری خوێنەوە. نەخۆشییەکی کاتی بوون بەهۆی کاری زۆرەوە لە یەکەمین گەشتمدا بۆ یەکێتی سۆڤیەت دوچار بووم، گەشتێکی ناخۆش بوو ماندووی کردم. ئەو هەستەم لەلای دروست نەبوو کە شتێك لەناو مندا گۆڕاوە، بەڵام دواتر لە ساڵی 1958دا کاتێ (دۆگڵ) فەرمانڕەوایی گرتە دەست ئەو هەستەم لەلا دروست بوو. لەو کاتەدا خەریکی نوسینی (گۆشەگیرانی ئاڵتونا) بووم، لە ڕۆژێکی زستاندا بینیم تەندروستیم نالەبارە.

بیرمە لە ماڵی هاوڕێیەکەم میوان بووم، خەریکی ویسکی خواردن بووم، ویستم پێکەکەم بخەمە سەر مێزەکە لە دەستم بەربووەوە، بە ڕێکەوت نەبوو، تێکچوونی باری تەندروستیم بوو. خانەخۆ دەستەبەجێ تێگەیشت و وتی: ((سەردانی پزیشك بکەن، تەندروستیتان زۆر خراپە)). دوای چەند ڕۆژێك، کاتێ درێژەم بە نوسینی (گۆشەگیران) دەدا، لە ڕاستیدا لە جیاتی نوسین لاپەڕەم ڕەش دەکردەوە، ڕستەگەلی بێمانام دەنوسی کە پەیوەندی بە شانۆنامەکەوە نەبوو، ئەمە شتێك بوو سیمۆن دیبۆڤاری زۆر ترساند.

_ئەی خۆتان لەو کاتەدا نەترسان؟

+ نا، بەڵام دەمبینی تێکشکاوم (من هەرگیز نەترساوم). کارەکانم وەستان، وابزانم ماوەی دوو مانگ هیچ کارێکم نەکرد، پاشان دیسانەوە دەستم کردوە بە نوسین، بەڵام ئەمە بووە هۆی ئەوەی ساڵێك شانۆنامەی (گۆشەگیرانی ئاڵتونا) دوابکەوێت.

بێگومان نوسین زادەی نهێنییە، دوو ئامانج هەیە. یەکەمیان نوسین ئەم نهێنییە بشارێتەوەو درۆ بکات. دووەمیشیان ئەوەیە جوانییەك لەم نهێنییەدا بەرجەستە بکات

**_ بە بڕوای من ئێوە لەو سەردەمەدا لە ڕادەبەدەر لەبەرانبەر خوێنەران و خۆتانەوە هەستان بە بەرپرسیارییەتی دەکرد، بە شێوەیەك كە یان نوسین یان مردن، ئەگەر ڕۆژێك هەستان بە بێخەمی کردبێ چ کاتێك بووە؟**

+ لەم ساڵانەی دوایدا، پاش ئەوەی وازم لە کتێبەکەی (فلۆبێر) هێنا، بۆ ئەم کتێبەش زۆر کارم کرد و حەبم خوارد. بە شێوەیەکی یەك لەدوای یەك پازدە ساڵ کارم لەسەر کرد. لەم ماوەیەدا شتگەلێکی دیکەشم دەنوسی و دوبارە دەگەڕامەوە سەر نوسینی فلۆبێر، لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکەم تەواو نەکرد، بەڵام لەم ڕووەوە زۆر نیگەران نیم، چونکە لەو باوەڕەدام بەشی سەرەکی ئەوەی کە دەبوو بوترێ لە سێ بەرگی یەکەمدا وتوومە. کەسێکی دیکەش دەتوانێت لەسەر بنەمای ئەم سێ بەرگە، بەرگی چوارەمەش بنووسێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کتێبە ناتەواوە، وەك (هەستکردن بە تاوان) ێك ئازارم دەدات. ڕەنگە دەستەواژەی هەستکردن بە تاوان لەم بارەیەوە گونجاو نەبێت و توند بێت، لە هەمانکاتدا ئەوەی کە بووە هۆی دابڕانم لە نوسینی، لە دەستی مندا نەبوو. من دەمویست کتێبەکە تەواو بکەم، لە هەمانکاتدا نوسینی بەرگی چوارمی بۆ من لە سێ بەرگەکەی دیکە دژوارتر بوو، ئەوەندەی ئەوانی دیکەش سەرنجڕاکێش نەبوو، واتە خوێندنەوە لەبارەی شێوازی کتێبی(خانم بوڤاری). بەڵام هەروەکو گوتم ئەگەرچی کتێبەکە تەواو نەکرا، کارە سەرەکییەکەم ئەنجام دا .

**_ ئایا ئەم مانایە بۆ سەرجەم بەرهەمەکانی ئێوە ڕاست نییە؟ تارادەیەك دەتوانین بڵێین یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بەرهەمەکانی ئێوە تەواو نەکردنیانە ... ئایا ئەم دۆخە...**

+ نیگەرانم دەکەی؟ بە هیچ جۆرێك. چونکە هیچ بەرهەمێك تەواوکراو نییە: هیچ یەك لەو کەسانەی کە کاری ئەدەبی یان فەلسەفی دەکەن، ئەو بەرهەمە تەواو ناکەن، بەدوای چیدا دەگەڕێت، کات لەبەردەماندایە.

**_ ئێستا هەست بەوە ناکەن کات ئێوەی خستووەتە ژێر گوشارەوە؟**

+نا چونکە من بڕیارم داوە- سەرنج لەوە بدە کە دەڵێم من بڕیارم داوە- هەموو ئەو شتانەی کە دەبوو بمگوتنایە گوتومن. ئەم بڕیارە لەخۆگری ئەوەشە هەموو ئەو شتانەی کە لەدوای ئەمە بۆ وتن هەمە، بیپچڕێنم و نەیڵێم. چونکە ئەوەی نوسیوومە بە سەرەکی دادەنێم، بە خۆم دەڵێم ئەوەی ماوە پێویست بە وتن ناکات. چونکە دردۆنگی گوتنی وەك دردۆنگی نووسینی ڕۆمانێکە دەربارەی فلان بابەت و ئەو بابەتەی کە بە زووی لەبیر دەکرێ. لە ڕاستیدا ئەمە بە تەواوی ڕاست نییە، ئەگەر من خۆم بخەمە دۆخی شیاوی کەسێکەوە کە هێشتا چەندین ساڵی دیکە دەژیت و لەڕووی جەستەییەوە تەندروستە، دەبوو بڵێم کە هێشتا بەرهەمەکانی من ناتەواون، هەموو ئەو شتانەی کە دەبوو بمگوتنایە نەم وتون، بەڵام من نامەوێت لەگەڵ خۆمدا ئەم مەسەلەیە باس بکەم، ئەگەر دە ساڵی دیکە بژیامایە زۆر باش دەبوو، خراپ نەدەبوو.

**_ ئەم دە ساڵەتان بۆ چ کارێك تەرخان دەکرد؟**

+ تەرخانم دەکرد بۆ ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەی کە وتم و ئەووم بە بەشێك لە بەرهەمەکانم دادەنا، هەروەها نوسینی کتێبێکی گشتگیری گفتوگۆ لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤار کە دەستم پێکردووەو درێژکراوەی کتێبی (وشە)کانە، بەڵام لەو کتێبەدا بابەتی کتێبەکە هۆکاری سەرەکی دەبوو، نەك ئەو شێوازەی کە لە (وشەکان)دا بەکارم بردوە، چونکە ئیدی من ناتوانم بەرهەمێك بئافەرێنم کە خاوەن شێواز بێت.

**_ بەڵام لە ئێستا بە کردەوە کەمتر خەریکی ئەم کارانە دەبن؟**

+ کەمتر خەریکیان دەبم لەبەرئەوەی کەمتر دەتوانم. چونکە لە حەفتا ساڵیدا ناتوانم ئارەزوومەند بم لەو تەمەنە کەمەی کە ماوەمە، ڕۆمان یان بەرهەمی فەلسەفی سەرنجڕاکێش بنوسم. هەموو کەسێکیش دەزانێت مەودای نێوان تەمەنی حەفتا بۆ هەشتا ساڵ یانی چی.

**_ کەوایە مەسەلەی گرنگ بۆ**

**ئێوە پیرییە نەك نیوە بینایی؟**

+ ئـەوەی بۆ من پیری دەخـاتـەڕوو یەكێكیان هەمان نیوە بیناییە. ئەڵبەتە ئەمە پێشهاتێكە، بـەڵام ئەگەر ئەمەش نەبوایە ڕووداوێكی دیكە دەهاتە پێشەوە. ئەوی دیكەیان نزیكییە لە مـردن، مردنی چارسەرنەكراو، نەك ئەوەی لەبیر مردندا بم، لەڕاستیدا من هەرگیز بیر لەمردن ناكامەوە. بەڵام دەزانم وا خەریكە دێت.

_ بەر لەمەش دەتان زانی؟

+ بەڵێ، بەڵام بیرم لێ نەدەكردەوە، بەڕاستی بیرم لێ نـەدەكـردەوە. بنوارە سەردەمێك من خۆم بە كەسێك دەزانی كە نامرێت، تاكو دەوروبەری سی ساڵی، بەڵام ئێستا خۆم زۆر بە فانی دەزانم، بێ ئەوەی هیچ كاتێ بیر لەمردن بكەمەوە. تەنیا دەزانم كە لە دواهەمین قۆناغی ژیانمدام. واتە نوسینی هەندێك شت بۆ من مەحەڵە.

چ بەهۆی فراوانی بابەتەكانییانەوە چ بەهۆی سەختییانەوە، چونكە لامولیە كە لەڕووی تێگەیشتن و بیركردنەوەوە لەگەڵ دە ساڵی پێشتردا جیاوازیم نییە، لەڕوانگەی منەوە گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەبوو بیكەم كردوومە. باش بێت یان خراپ گرنگ نییە، بەهەرحاڵ من هەوڵی خۆمم داوە، ماوەتەوە دە ساڵی دیكە.

**_ وتەكانی (ژید)یتان لە كتێبی (تزە) لە بیرە كە دەڵێت: (( من ئەو بەرهەمانەی كە دەبوو بیانووسم نوسیومن، من ژیاوم...)) ئەو لەو كاتەدا حەفتاو پێنج ساڵ بوو، بە هەمان ئارامی و هەمان ڕازیبوونی ئەوەی كە ئەركی خۆی ڕاپەراندوە. قسەی ئێوەش هەمان قسە؟**

+ كتومت.

**_ لە هەمان بارودۆخدان؟**

+ پێویستە شتگەلێكی بۆ زیاد بكەم. من بەو جۆرەی كە (ژید) بیر لە خوێنەرانی دەكردەوە من وا بیر ناكەمەوە. من سەبارەت بە كاریگەری كتێب لەگەڵ ژید دا هاوڕا نییم. من هەمان ڕوانگەی ئەوم بۆ ئایندەی كۆمەڵگە نییە، بەڵام لەڕوانگەی تایبەتی خۆمەوە و بە یەك واتا، بەڵێ، بەڵێ، من ئەوەی كە دەبوو بیكەم كردوومە.

**_ لە ژیانی خۆتان ڕازین؟**

+ گەلێك. لەو بـاوەڕەدام ئەگەر زیاتر بەختم هەبوایە، دەمتوانی كارەكانم باشتر ئەنجام بدەم.

**_ لـەوانـەیـە بـاشـتـریـش ئـاگـاتـان لـە تەندروستی خۆتان بوایە، چونكە ئێوە بە نوسینی( ڕەخنەی عەقڵی دیالێكتیك) تەندروستی خۆتان خستە مەترسییەوە.**

+ فەرموو بزانم تەندروستی بەكەڵكی چی دێت؟ من ئەمە بێ لوتبەرزی دەڵێم: باشتر وایە مرۆڤ (ڕەخنەی عەقڵی دیالێكتیك) بنوسێت، باشتروایە شتێك بنوسێت قەبارە گەورەو پوخت بەڕادەی خۆی گرنگ، نەك ئەوەی تەندروست و زرت و زیندوو بیت.

**_ بەر لە چەند مانگێك بە گاڵتەوەو كەمێكیش بە دڵتەنگییەوە بە منتان وت: (من بەرەو لەناوچوون دەچم، دەبێ بڵێم ئیدی من نییم، بەڵكو هەبووم)) ئایا ئەمڕۆ ئەو هەستەتان هەیە كە نەناسراویت؟**

+ نـەنـاسراوی؟ ئەگەر مەبەستت لەم وشەیە هەمان ئەو مانایە بێت كە هەندێك لە شاعیران و نوسەرانی سـەدەی نۆزدە بەكاریان دەبرد، نەخێر، بەڵام بە تەواویش ناسراو نیم.

**_ كاتێك كە منداڵ بوون، دوو ئاواتتان**

**كەسێك بییەوێت بەناوبانگ بێت، تەنیا ناوبانگی ناوێت، بەڵكو هەمموو شتێكی دەوێت. بۆئەوەی نەمر بێت دەیەوێت لەبیری خەڵكیدا بمێنێتەوە**

**هـەبـوو: داهێنانی بەرهەمێك و بەناوبانگ بـوون، لە چ كاتێكدا هەستان بـەوە كرد بە ئاواتەكانی خۆتان گەیشتوون؟**

+ من هەمیشە لەو باوەڕەدابووم بە ئاوات دەگەم. لە ئەنجامدا هەرگیز هەستێكی ڕوونـم بۆ سەركەوتنم نەبووە، بەڵام هەركە شەڕ تەواو بوو من هەستم بە سەركەوتن كرد.

**_ بـە دەسـتـەواژەیـەكـی دیكە لەپاش ساڵی1945 ئەم ناوبانگییە مەزنە...**

+ گەلێك مەزن...

**_ بووە هۆی خۆشحاڵی ئێوەش؟**

+ بـاوەڕ بكەن نـا، چونكە بە ڕادەیەك جنێو و بوختانی لەگەڵ بوو گری تێبەردام، بەڵام نا ئومێدكەریش نەبوو، چونكە لە پاش ئـەوەوە من پەسەند كرام، بەڵام لەسەرەتاوە ئەم ناوبانگە بەخراپترین دۆخ بەسەر مندا سەپێنرا: بە ڕەق و كینەوە.

**_ ئەم ڕق و كینەیە ئێوەی خستە ژێر كاریگەری خۆیەوە؟**

+ ئێستا نا، بەڵام لەو ڕۆژانەدا من ڕقم ناسی. من كە تازە لە دۆخی پڕ ئازاری سەردەمی داگیركاری نازییەكان هاتبوومە دەرەوە، ڕووبـەڕووی ڕقی هاوچارخانم بوومەوە، ئەمە لەسەر من كاریگەرییەكی تایبەتەی بەجێ هێشت، بەڵام دواتـر هەموو شتێك بەباشی كۆتای هات.

هەندێ كـەس هەمیشە ڕقیان لە من بووە، بەڵام ئەوەی كە گرنگ بوو، ئەوە بوو گەنجان پەیوەندییەكی باشیان لەگەڵ مندا هەبوو، تاكو دەوروبـەری ساڵی 1965. پێویستە بڵێم ڕووداوەكـانـی مانگی ئـازاری 1968 بە بێ من ڕوویـدا. تەنانەت نزیكبوونەوەشم هەست پێ نەدەكرد، پاشان لە دەوروبەری ساڵی 1969 دا لە گەنجان نزیك بوومەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمـارەی خوێنەرانی گەنجی بەرهەمەكانم زیـادی دەكـرد. ئێستا دۆخەكە جیاوازە، خەریكە شتێكی دیكە دەسـت پـێ دەكـات: زەنـگ لێدەدا كە ئەو هۆكارەنە بەسەرچوون.

**_ ئـایـا لــەوە نـیـگـەران نین ڕۆشنبیرانی گـەنـج لــەوە زیاتر بەرهەمەكانی ئێوە ناخوێننەوە، لەهەمانكاتدا لـەڕوانـگـەی ئەو بیركردنەوە هەڵانەوە ئێوە دەناسن كە سەبارەت بە ئێوە باوە؟**

+ بەڵێ بۆ من مایەی نیگەرانییە.

**_ بۆ ئێوە یان ئەوان؟**

+ ڕاستـ دەوێ بۆ ئەوانیش، بەڵام لەو باوەڕەدام كە ئەمە دۆخێكی كاتی بێت.

**_ لـە ڕاسـتـیـدا، ئـایـا ئـێـوە بە سروشتی پێشبینی كۆتایی ڕۆڵان بارت پەسەند دەكەن كە دەڵێ: ((خەڵكی سەرلەنوێ خوێندوەیەكی نوێ بۆ بەرهەمەكانی ئێوە دەكـەن)) بەم زوانەش؟**

+ هیوادارم.

**_ خوازیارن نەوەی نوێ كام بەش لە بەرهەمەكانی ئێوە بخوێننەوە؟**



+ کۆمەڵە وتارەکانم و ئەو کتێبەی سەبارەت بە (ژان ژینە) نوسیوومە و هەروا (ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیك) و شانۆنامەی خـودا و ئەهریمەن. کۆمەڵە وتارەکانم لەخۆگری ئەو بەشەن لە بەرهەمەکانم کـە فەلسەفی نیین، بـەڵام لەهەموو بەرهەمەکانی دیـکـەم لـە فەلسەفەوە نزیکترن: واتە سیاست و ڕەخنە لەخۆدەگرن. هیوادارم ئەمانە بمێنەوە و بخوێنرێنەوە، پاشان ڕۆمانی(هێڵنج) لە ڕوانگەی منەوە لە دیدی ئەدەبییەوە ئەم ڕۆمانە باشترین کاری منە.

**_ لە دوای ڕووداوەکانی ئازاری 1968 ئێوە بە منتان وت: ئەگەر هەموو کتێبەکانی من بخوێنەوە لەوە تێدەگەن کە من ئەوەندە نەگۆڕاوم و هەمیشە(ئانارشیست) بووم.**

+ ڕاسـتـە. ئـەم بابەتە لـە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەدا ڕوون دەکەمەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، من لەم ڕووەوە گۆڕاوم لە کاتی نوسینی ڕۆمانی(هێڵنج)دا نەمدەزانی کە ئانارشیستم. ئاگام لەوە نەبوو کە ئەوەی من دەینوسم لەوانەیە ڕاڤەی ئانارشیستیشی هەبێت. تەنیا پەیوەندی فەلسەفی ئەوم لەگەڵ (هێڵنج) و پەیوەندی فەلسەفی لەگەڵ بووندا لەبەرچاوبوو. دواتر لەڕێگەی فەلسەفەوە لە بوونی ئانارشیزم لەنێو خۆمدا تێگەیشتم، بەڵام ئەم ناوەم لێنەنا، چونکە دەزانی کە ئەمڕۆ ئانارشیزم لەگەڵ ئانارشیزم بەلشەفی ساڵی 1890 هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە.

**_ ئایا وێنەی بیری ئانارشیستی خۆت لە هیچ کام لەو بزوتنەوانەی کە ناوی ئانارشیستیان لە خۆیان ناوە نەدۆزیوەتەوە؟**

+ بەهیچ جـۆرەك. بـە پێچەوانەوە لەوانەوە زۆر دوور بووم، بەڵام هەرگیز ڕازی نەبوم بە بوونی هیچ دەسەڵاتێك بەسەرمەوە، هەمیشە لام وابووە پێویستە کۆمەڵگەیەك بەبێ بوونی دەسەڵاتەکان و بێتە ئاراوە.

**_ بەگشتی ئێوە بیرمەندێکی ئانارشیستی نوێن، بە دەربڕینێکی دیکە بیرمەندی سۆسیالیزمی ئـازادی. ئایا هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کاتێك هاوڕێیەکت دەڵێت ئێوە دەبنە مارکسی سەدەی بیست و یەك، زۆر نارەزایی دەرنابڕن؟**

+ لەگەڵ ئەم جۆرە پێشبینیانەدا دەبێ چی بکەیت! بەڵام باشە، من دەخوازم تا سەد ساڵی دیکەش بەرهەمەکانم بخوێنرێنەوە( هەرچەندە لەم ڕووەوە زۆر دڵنیا نییم) بۆچی نـارازی بم؟ بـەڵام خوازیاریشم سەبارەت بـەوەی کە وتومە، دوبـارە کـاری لەسەر بکرێت و بە (تێپەڕبوون)ی بە دیالێکتیکدا کاملتر بکرێن.

**_ لـەگـەڵ هـەمـوو ئـەمـانـەشـدا، لە کاتێکدا کە ئێوە هەموو جۆرە دەسەڵاتێك ڕەتـدەکـەنـەوە، قبوڵی دەکـەن خۆتان دەسەڵاتتان هەبێت؟**

+ من خـاوەن دەسەڵاتێکی جێگروە بووم، واتە دەسەڵاتی مامۆستایی. دەسەڵاتی ڕاستەقینەی مامۆستا لەوەدایە کە بە نموونە بڵێت قوتابیان لەناو پۆلدا جگەر نەکێشن، یـان ببێتە هـۆی ئـەوەی قوتابییەك لە قوتابخانەدا دەربکرێت. من هەرگیز ئەمەم نەکردوە. وانەوتنەوە بەواتای گەیاندنی زانیاری، بەبڕوای من دەسەڵاتدارییەتی نییە، یان بەلانی کەمەوە پەیوەستە بەوەی چۆن وانە دەڵێیتەوە. بڕۆ بپرسن کە بزانن من بەسەر قوتابییەکاندا دەسەڵاتم سەپاندەوە، یان تەنانەت بە بیرمدا هاتووە یان نا.

**نا، بۆم گرنگ نییە دەمویست سەبارەت بە جیهان و خۆم بنوسم، نوسیم. دەمویست بەرهەمەکانم بخوێنرێنەوە، خوێنرانەوە. کاتێکیش خوێنەر زۆر بوو ناوبانگ دێتە گۆڕێ. باشە، منیش بە ناوبانگ گەیشتم**

**_ لاتان وانییە، ناوبانگ، دەسەڵاتی بە ئێوە بەخشی بێت؟**

+ وانازانم، ڕەنگە پاسەوانێك بە ڕێزێکی زۆرترەوە داوای ناسنامە لە من بکات، بەڵام باوەڕ ناکەم لە دەرەوەی ئەم لەبەرچاو گرتنانە دەسەڵاتێکم هەبێت. باوەڕناکەم جگەلە دەسەڵاتی ئەو حەقیقەتانەی کە دەیان ڵێم دەسەڵاتێکی دیکەم هەبێت.

**_ لە ڕاستیدا هەڵسەنگاندنی ئەم ناوبانگە بەلای ئێوەوە ئاسان نییە...**

+نازانم. لە ئێستادا بە باشی نازانم، هێشتا وتەکانی من بە هێند وەردەگیرێن، ئایا زۆربەی قوتابخانە فەلسەفی و ئەدەبییەکان کە دونیای ڕۆشنبیری ئێمەیان داگیرکردوە، هزرەکانی منیان شاردووەتەوە، یان بە گشتی بیرکردنەوەکانی منیان لەبەرچاو شاردوەتەوە یان نا.

**_ ڕەنگە ئەمڕۆ ڕۆشنبیرانی گەنجی فەرەنسی بەرهەمەکانی دۆلۆز و فۆکۆ لە بەرهەمەکانی ئێوە زیاتر بخوێننەوە، بەڵام ئەمانە بە ئەندازەی ئێوە ناوبانگیان نییە، بێگومان بەرهەمەکانیان لە وڵاتانی دیکەدا کەمتر لە کتێبەکانی ئێوە دەخوێنرێنەوە. کاتێك ئێوە ویستان (بادەر) لە زیندانی ئەڵمانیادا ببینن مۆڵەتیان پێدان، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ناوبانگی جیهانیتان هەبوو؟ چەندین ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی جنێویان بە ئێوەدا، بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە ئامادەبوونی ئێوە دەترسان؟**

+ سەبارەت بەم بابەتە پێویستە بڵێم کە گەشتەکەم، جگەلە تووڕەی و قەڵسی چەند ڕۆژنامەیەك و هاتنی چەند نامەیەك بۆم، بەرهەمێکی دیکەی نەبوو. واتە ئەو چاوپێکەوتنەم بە شکست دوای هات. ڕای گشتی لە ئەڵمانیا نەگۆڕا، تەنانەت ئاراستەی پێچەوانەی ئەوە ڕوویدا کە من خوازیاری بووم. من لە سەرەتایی چاوپێکەتنە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆمدا وتم من کارم بەسەر ئەو تاوانەوە نییە، کە بادەر ئەنجامی داوە تەنیا نارەزایم لەبەرانبەر ئەو دۆخە نالەبارەی کەسی زیندانییە لە بەندیخانەدا. ڕۆژنامەنوسان لەمەوە ئەو ئەنجامگیرییەیان کرد کە من پشتیوانی لە کارە سیاسییەکانی بادەر دەکەم. بەم شێوەیە هەنگاوەکانی من ڕووبەڕووی شکست بوونەوە، لەگەڵ هەمووو ئەمانەشدا، ئەگەر پێویست بکات دیسانەوە هەنگاو بنێم هەمان کار دەکەم.

**_ بەڵام بتانەوێ و نەتانەوێ ئێوە لەگەڵ خەڵکی ئاسایدا جیاوازن... تەنانەت خۆشتان ئەم ناوبانگەتان ویستووە.**

+ نازانم هێشتا ئەم ناوبانگەم دەوێت یان نا. بەر لەشەڕی 1939 دەمویست، پاش ئەوەش چەند ساڵێك کە هانیان دەدام هەر دەمویست، بەڵام ئێستا...

**_ ڕێك دەمەوێت پەنجە لەسەر ئەمە دابنێین: ئەمڕۆش ئێوە هەمان ئەو کەسەن...**

+ هەمان ئەو کەسەم، بەڵام وا هەست ناکەم. ئێستا لەبەردەم تۆدام و لەگەڵت دەدوێم. چاوپێکەوتنەکە بڵاودەبێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا بۆ من زۆر گرنگ نییە.

**_ لە ڕووبێکەوە ئێوە بۆ ئەوەی هەبن ویستووتانە بەناوبانگ بن. بە وتەی یەکێك لە هاوڕێکانتان: ( لە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە من دەدوێن، کەوایە هەم.))**

+ کەسێك بییەوێت بەناوبانگ بێت، تەنیا ناوبانگی ناوێت، بەڵکو هەمووو شتێکی دەوێت. بۆئەوەی نەمر بێت دەیەوێت لەبیری خەڵکیدا بمێنێتەوە. لەو ڕووەوە پێویستی بە خوێنەرە، چونکە خوێنەر بیرەوەری ئەو بە زەینی دەسپێرێت، نەك بە پێچەوانەوە. من بەو جۆرە بیرم لە نەمری کردوەتەوە، هەرگیز گرنگیم بە داوری فلان ڕۆژنامە یان نوسینێك نەداوە. تەنانەت بەر لەوەی یەك دێر لە کتێبێك بنوسم بەخۆمم وتووە: ئەم کتێبە من نەمر دەکات، چونکە کتێبەکە خودی منە. هیچ کەسێك جگەلە خودی خۆم نەیدەتوانی بەو جۆرە بە منەوە بپەرژێت. کەسانی دیکە دەتوانن لەم کتێبە سودی جۆراوجۆر ببینن، بەڵام بۆ ئەوەی بزانن لە ڕاستیدا من چیم و بەهام چییە، پێویستیان بە دەروونشیکارییەکی تەواوە کە بوونی نییە.

**_ خودی ئێوە لە کتێبی (وشەکان) دا وتاتانە خواستی ئێوە بۆ بەدەست هێنانی ناوبانگ، بەهۆی ترسەوە بووە لە مردن، هەروەها بەهۆی ئەو**

**هەستەی کە بوون دۆخێکی پاساو هەڵنەگرو ناپێویستە.**

+ هەرە بەو جۆرەیە. هەرکە مرۆڤ دێتە بوون، لەم بارەیەوە شتێکی ناگۆڕێت: بوونی مرۆڤ پاساو هەڵنەگرە.

**_ بەبڕوای ئێوە لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەرەتاوە ئاراستەی تاکەکانی ناکات (وەك کۆمەڵگەی ئاینی و فیوداڵی) ئایا خواستی بەدەستهێنانی ناوبانگی کەسی تارادەیەك خواستی بەدەستهێنانی هەموو شتێکە؟**

+ تاك ئەگەر بیەوێت لەلایەن کۆمەڵگەوە ئاراستە دەکرێت(لە ڕاستیدا ئاراستەکراوە، بەڵام زۆربەی خەڵك لەمە تێناگەن). منداڵان بوونی دایکیان ئاراستە دەکەن، دایکبوونی کچەکە ئاراستە دەکات و هتد.. مەسەلەکە لە نێوان خودی تاکەکاندا چارسەر دەکرێت.

**_ بێگومان، بـەڵام ئایا لەبەر ئەوە نییە، ئێوە لەسەردەمی منداڵیتاندا هیچ جـۆرە ئاراستەکردنێکتان لەناو خۆتاندا هەست پێ نـەکـردوە، بـەو ڕادەیـەی کە خوازیاری بەدەستهێنانی ناوبانگ بوون و بە دەستیشتان هێنا.**

+ منیش هـەمـان بــڕوام هـەیـە. بە دەستهێنانی ناوبانگ پەیوەستە بە خواستی کەسەکانەوە، نەك ئەنجامی لێهاتووی و بەهرە خودییەکان، بەڵام ئێوە دەتانەوێت لەم هەموو قسانە چی بەدەست بهێنن؟

**_ بەبڕوای من ئەوە بۆ ئێوە کێشەیە ئەوەیە کە بەوانی دیکە بڵێن سارتەر کێیە ؟ وابزانم کلود روا یە دەڵێت: (( سارتەر نازانێت کە سارتەرە.))**

+ نازانم، بەڵام لام وانییە ئێوەش بزانن.

**_ من سارتەرێك دەناسم کە بۆ من بوونی هەیە.**

+ ئەڵبەتە، بـەڵام لەبەر ئـەوەی ئێوە دۆستی یارانی منن، من بەشێوەی(کەسایەتی) نابینن، بەڵام ئەو کەسانەی کە من ناناسن، چۆن بزانن کە من بۆ ئەوان چیم؟ من لە خـۆم هیچ جـۆرە وێنەیەکی بەرجەستە-بەرجەستە بۆ خۆم- دروست ناکەم. کەسانێك هەن لە پاش بینینم دەڵێن: ((مرۆڤێکی زۆر ترسناکیش نییە))، واتە چاوەڕێیان کردوە کە من مرۆڤێکی ترسناك بم.

هەندێکی دیکە دەڵـێـن: (ئێمە زۆر حەزمان لە کتێبەکانی ئێوەیە))، بەڵام هیچ کام لەمانە فۆرمێکی دەرەکی بە من نابەخشن.

**_ بەڵام لە هەمانکاتدا ئێوە هەمیشە ڕوخساری خۆتان لە ڕۆژنامەکان و ئەو کتێبانەدا بینیووە و دەبینیت کە سەبارەت بە ئێوە دەنوسرێن. بەم زوانەش لە تەلەفزیۆن. باش دەزانن کە خەڵکی زیاتر لە کەسانی دیکە ئێوەدەناسن.**

+ بەڵێ، دەزانـــم. هەرچەندە ئەمە پەیوەستبوو بە ڕابـــردووە نەك ئەم چەند ساڵەی دوایی.

**_ لەو خاڵەی دوای دڵگران نین؟**

+ نـا، بـۆم گرنگ نییە، دەمویست سەبارەت بە جیهان و خۆم بنوسم، نوسیم. دەمویست بەرهەمەکانم بخوێنرێنەوە، خوێنرانەوە. کاتێکیش خوێنەر زۆر بوو ناوبانگ دێتە گۆڕێ. باشە، منیش بە ناوبانگ گەیشتم. شتێك کە هەر لە منداڵییەوە لە خەیاڵمدا بوو، بەڵام لەو خەیاڵەدا شتێکی دیکەشم دەویست کە بەدەستم نەهێنا...

**_ دەڵـێـن ئێوە بـۆ بەناوبانگبوون بلیمەتن؟**

+ وا نازانم ئەمە ڕاست بێت. من هەرگیز

**کە ژنگەلێکی زۆریش بە دەوروبەری مندا هەن. چەند ژنێك لە ژیانی مندا هەن، سیمۆن دیبۆڤار لە زۆر ڕووەوە تاقانەیە**



ڕۆلان بارت

بەدوای بانگەشەیەکی لەم جۆرەوە نەبووم.

**_ کارەکانی ئێوە بە جۆرێکن هەراوزەنا دەنێنەوە.**

+ لەم دواییانەوە نا.

**_ نا لەم دوایانەشەوە، بە نموونە چاوپێکەوتنتان لەگەڵ (بادەر).**

+ ڕۆژنامەکان دەیان نوسی من نازی هەندێ کەسم هەڵگرتووە، بەڵام ئەمڕۆکە تەنانەت ئەگەر بیانەوێت هێرشیشم بکەنەسەر شتێکی لەم جۆرە نانوسن. ئەمە ئیدی پەیوەندی بە مەسەلەی تەمەنەوە هەیە، بنوارە دیسانەوە گەڕاینەوە سەر هەمان بابەت.

**_ لە تەواوی چاوپێکەوتنەکەماندا ئەوەندە باسی مەسەلەی تەمەنمان نەکرد، کەی هەستان بە پیری کرد؟**

+ مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، چونکە لە ڕوویەکەوە لەدەستدانی بیناو بێتواناییم لە کیلۆمەترێك زیاتر بەپێ ڕۆشتن و نموونە گەلی لەم جۆرە ئاماژەیە بۆ پیری. ئەمانە نەهامەتی گەلێکن من دەتوانم لەگەڵیاندا بژیم، بەڵام ئەوەم پێرادەگەێنن کە من بە کۆتای ڕێگە گەشتووم. ئەمەش ڕاستە، بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە، من زۆر بیر لەم شتانە ناکەمەوە. خۆم دەبینم و هەست بە خۆم دەکەم. وەك چل و پێنج ساڵێك و پەنجا ساڵێك کاردەکەم، هەستیش بە پیری ناکەم، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مرۆڤ لە حەفتا ساڵیدا پیرە.

**_ لاتان وایە بۆ زۆربەی هاوتەمەنەکانتان باروودۆخەکە بەم جۆرە بێت؟**

+ نازانم، ناشتوانم بە ئێوە بڵێم کە بەم جۆرەیە. کەسانێك کە هاوتەمەنی خۆمن خۆش ناوێن. هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانناسم زۆر لە من کەم تەمەنترن، لەگەڵ ئەمانەدا باشتر دەتوانم هەڵبکەم. ئەمانە پێداویست و نەزانی و زانیارییەکانی من دەزانن. ئەو کەسانەی کە زیاتر لە هەموان دەیانبینم (تاڕادەیەك هەموو ڕۆژێك) لە ئێستادا بریتین لە پییەر ڤیکتۆر و فلیپ گاوی. ئەمانە تەمەنیان سی ساڵە، لەگەڵ تۆشدا وەك ئەوە وایە هاوتەمەن بین. دەزانم تەمەنی تۆ لە تەمەنی من زۆر کەمترە، بەڵام هەستی پێ ناکەم.

**_ چ شتێکی کەسانی هاوتەمەنتان دەبێتە هۆی ئازاردانی ئێوە؟**

+ پیرن و داهێزراو.

**_ من داهێزراوی بە ئێوەوە نابینم.**

+ بەڵێ، من وەك پیرەکان نیم. پیرەکان دەست لە بیرکردنەوەی خۆیان هەڵناگرن، لەم بارەیەوە کەلەڕەقن. لەوەی کە ئەمڕۆ دەنوسرێ بێزارن.

وتم داهێزراو . پیری لە زۆر ڕووەوە وەك سزایەکە، ئەوەی لە ناو ئەواندا تازەبووە لەناوچووە، بۆ من زۆر نائاساییە ئەو پیرانەی کە لە گەنجیدا دەمناسن بیانبینم. پیرترین ئەو کەسانەی کە دەتوانم لەگەڵیاندا بدوێم دەستەی نوسەرانی ڕۆڤاری

(سەردەمی نوێ)ن، کە پازدە بیست ساڵێك لە من کەم تەمەنترن تا ئێرەی بێ خەوشە، بەڵام دیدارە ئاساییەکانی من بەزۆری لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە لە دەوروبــەری سی ساڵیدان.

**_ ئەوان بەدوای دیداری لەم جۆرەوەن؟**

+ بەهەر حاڵ، من بە دواییەوە نیم.

**_ یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئێوە کە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانێکی زۆر، ئەوەیە گوایا ئێوە هەرگیز سەردانی کەس ناکەن ؟**

+ هەرگیز. مـن بۆ سـەردانـی خەڵك پەیجۆر نییم.

**_ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێوە لە شوێنێکدا نوسیوتانە: ((من تامەزرۆی ئەوەم لە خەڵکی تێبگەم.))**

+ بەڵێ، هەرکە مرۆڤێك لەبەرانبەردا وەستا دەمـەوێـت لێی تێبگەم، بـەڵام بۆ چوونم بۆ لای، زەحمەتی سـەردان کردن نادەمە بەرخۆم.

**_ ئەمە دۆخی کەسانی دوورە پەرێزە!**

+ بەڵێ، بەڵام ئەوەش بزانن کە ژنگەلێکی زۆریش بە دەوروبــەری مندا هەن. چەند ژنێك لە ژیانی مندا هەن، سیمۆن دیبۆڤار لە زۆر ڕووەوە تاقانەیە.

**_ ئەم دۆخە پێویستە کاتێکی شیاوی بۆ تەرخان بکەن، لەلایەکی دیکەوە نوسین کە مەزنترین ئاواتی ئێوەیە پێویستی بە کاتە. ئێوە ڕۆژێك بە منتان وت: ((تەنیا شتێك کە بەڕاستی خۆشم دەوێت، دانیشتنمە لە پشت مێز و نوسین، بە تایبەتی لە بارەی فەلسەفەوە.))**

+ بەڵێ، ئـەم کـارەم بەڕاستی خۆش دەوێت. هەمیشە کەسانێك هەبوون منیان لە پشت مێزەکەمەوە دوورخستوەتەوە. پێویستە هەوڵبدەم بگەڕێمەوە بۆ پشت مێزەکەم.

**_ کاتێکیش کار نەکەن حەز دەکەن بە تەنیا بن؟**

+ لە هەندێك ڕووەوە حەزدەکەم تەنیا بم. بە نموونە بەر لە شەڕ هەندێك شەو کە سیمۆن دیبۆڤار کاری هەبوو، بە تەنیا دەچووم شێوم دەخوارد، هەستم بە تەنیای دەکرد.

**_ ئەی لە پاش شەڕ؟**

+ بیرمە سێ چـوار سـاڵ لەمەوبەر، شەوێکم بە تەنیایی بەسەر برد و چێژم لێ وەرگرت، لە ماڵی یەکێك لە هاوڕێکانم بووم و خانەخوێ لەماڵ نەبوو. دەستم کرد بە مەی خواردنەوە تاکو بەد مەست بووم. بەپێی گەڕامەوە بۆ ماڵەکەی خۆم. سکرتێرەکەم کە هاتبوو ئاگای لێم بێت و ڕووداوێکی خراپم بەسەردا نەیەت، دوراو دور چاودێری دەکردم، پاشان کەوتم بە زەویدا سکرتێرەکەم هەڵیساندمەوە و هێنامییەوە بۆ ماڵەوە. ئەمەش بەسەربردنی تەنیایی، لەبەر ئەمەیە کاتێ بە سیمۆن دیبۆڤار دەڵێم حەزم لە تەنیاییە، بەڵام خەڵك ناهێڵێت. هەمیشە وەڵامم دەداتــەوە: ((دیسانەوە دەتەوێت مخەیتە پێکەنین)).

**سەرچاوە:**

(اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر)

وەرگێرانی بۆ فارسی: مستەفا رحیمی


بەشی یەکەم، ئێستا لە بازاڕدایە
پرۆژەی 100 نامیلکەی فەلسەفی دەزگای ئایدیا